www.kurdistannet.org
26-11-2006 7:29 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# د. فایەق گوڵپی-سکرتێری پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان: بڕوامان بەوە نییە بەڕاپەڕینی جەماوەری و کۆدێتای سەربازیی و خەباتی چەکداریی دەسەڵات بگۆڕین ... دیمانە: ستیڤان شەمزینانی




لەم ماوەیەدا بەرەی گۆڕان کە بەرەی ئۆپۆزسیۆنی کوردستانە ڕاگەیەندرا، پارتی چارەسەری دیموکراتی یەکێکە لەو حیزبانەی کە بەشدارە لەو بەرەیەدا، دەربارەی کارەو چالاکییەکانی ئەم بەرەیە ئەم دیمانەیەمان سازدا لەگەڵ دکتۆر فایەق گوڵپی سکرتێری پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان.

ستیڤان: بەرەی گۆڕان بەرەی ئۆپۆزسیۆنی کوردستانە و لەم ماوەیەدا ڕاتانگەیاند، دەکری بپرسین چۆنێتی وەگەڕخستنی ئەم بەرەیە چۆن بوو؟ ئایا زەمینەی کوردستان لەدۆخێکدایە بتوانی بەرەیەکی لەو جۆرە لەخۆ بگرێت؟

د. فایەق: هەڵبەتە لەم ڕۆژانەدا هەموو حیزب و لایەنە سیاسییەکان، کەسایەتییەکان، ڕۆشنبیران، باسی گرنگی سیستەمی دیموکراسی دەکەن، کە پێویستە بۆ چارەسەرکردنی کێشە هەمەجۆرەکانی کۆمەڵگەی کوردستان، سیستەمی دیموکراسیش کۆمەڵێك پێوانەو بنەمای خۆی هەیە، یەکێك لەو بنەمایانە ئەوەیە چۆن هێزی دەسەڵاتدار هەیە ئاوهاش دەبێت کۆمەڵێك لایەن و حیزبی تر هەبن دەوری ئۆپۆزسیۆن ببینن، بۆئەوەی چاودێریی هەڵسوکەوت و بڕیارو کارەکانی حکومەت و دەمودەزگاکان بکات، ئێمە وەك پارتی چارەسەری و کۆمەڵە حیزبە کوردستانییە دەمێکە باس لەوە دەکەین کە ئۆپۆزسیۆنین، بەڵام لەدوای یەکگرتنەوەی حکومەت بینیمان حیزبەکان بەئیسلامی و عیلمانییەوە هەموو پێکەوە بەشدارییان کرد لە حکومەتدا، ئەو کاتە پێویستییەکە زۆرترو چڕوپڕتر بوو..

ئیشی بەپەلەشی دەویست، چونکە ئەمڕۆ پێویستە لەم وەزعەی کوردستاندا ئۆپۆزسیۆنێك هەبێت لە دەرەوەی دەسەڵات.

ئەگەر بمانەوی دەستکەوتی نەتەوەیی بەدەستبهێنین و دیموکراسیش قووڵ بکەینەوە دەبی خەڵکێك هەبێت بیدات بەگوێی دەسەڵاتدا، پێیان بڵێ لەوێدا هەڵەن.

بینیمان لەناوەڕاستی ساڵی 2005 و سەرەتای ساڵی 2006 توێژی گەنجان بەچەندان شێوە ناڕەزایی خۆیان دەربڕی لەبەرامبەر سیاسەتەکانی حکومەت، لەدابین نەکردنی پێویستییەکانی خزمەتگوزاریی وەك ئاو و کارەبا و گرانی شتومەك و بەنزین و ئەو گەندەڵییەی کە هەیەو سزانەدانی ئەو کەسانەی کە فایلییان هەبووە و هەندی سازشکردن لە دەستووری هەمیشەیی عێراقدا لەسەر مافەکانی گەلی کورد، سەیر دەکەین ئەوەتا میللەتەکە خۆی ئامادەیە موعارەزە بێت بەڵام هێزێك نییە دەوری ئۆپۆزیسیۆن ببینێت، خەریکە میللەت پێش لایەنێکی سیاسی دەکەوێت.

بۆیە لەبەرئەوەی کە خۆمان قەناعەتمان بەوە هەبووە کە دیموکراسییەت بە ئۆپۆزسیۆن پێش دەکەوێت، بەپێویستمان زانی ئەو کۆمەڵە حیزبە لەسەر ئەو بنەمایانە کۆببینەوە و بەرەیەك پێك بهێنین بەناوی بەرەی گۆڕان، ئەم حیزبانەش بەشدارییان تێداکردووە، بزوتنەوەی دیموکراسیخوازان و حیزبی ڕزگاری و پارتی چارەسەری دیموکراتی، بەڵام ژمارەیەکی باش خەڵکی بێلایەنمان لەگەڵدایە بەتایبەتی ئەوانەی لەدەرەوەی وڵاتن.

هەندی ڕێکخراوی تریش هەن ئێمە لە گفتوگۆداین لەگەڵیاندا ئەگەری ئەوە هەیە بێنە ناو بەرەکەوە. پێشتر ئێمە پرۆژەیەکمان هەبوو، بڵاومانکردەوە تا خەڵکانی تر بەسەرنجەکانیان دەوڵەمەندی بکەن یان ئەگەر بڕوایان پێی هەبوو بێنە ناویەوە، ئەوەبوو ماوەی سی مانگ لەو خەباتەدا بووین تا ڕۆژی 2006/10/10 لەهەولێر بەرەی گۆڕان ڕاگەیەندرا، ئێستاش چەند لیژنەیەکمان پێکهێناوە، لیژنەی پەیوەندییەکان و لیژنەی دارایی و لیژنەی ڕاگەیاندن. ستیڤان: پێتوایە ئەم بەرەیە دەتوانی ڕۆڵی ئۆپۆزیسیۆنێکی ڕاستەقینە وازی بکات و هۆشداریی بداتە دەسەڵاتی کارگێڕیی یان ئەوەتا بەلاوازیی و بی پرۆژەیی دەمێنێتەوە؟

د. فایەق: ئەمرۆ ئێمە لەسەردەمی جیهانگیریی داین، لەکوردستانیش دەم لەدیموکراتییەت وەردەدرێت لەوڵاتانی دیموکراتی وەك بەریتانیاو ئەمریکاو فەرەنسا یەکێك لەدیارەدە سیاسییەکانی ئەو لاتانە ئەوەیە هێزێکی ئۆپۆزیسیۆن هەیە. ئەگەر مەسەلەکە چاولێکەریش بێت دەبێت هێزێکی ئۆپۆزیسیۆن هەبی، ئەمە جگە لەوەی ئەم ئۆپۆزیسیۆنە دەوری هەیە، ئەمە مانای ئەوەیە هۆکارێکی نێونەتەوەیی هەیە بۆ دروست بوونی بەرەیەکی ئۆپۆزیسیۆن.

بۆئەوەشی سەرکەوتن بەدەست بهێنین چەند هۆکارێك هەیە، یەکەم، ئیرادەی ئەو حیزب و ڕێکراوانەی کە بەرەی گۆڕانیان دروستکردووە، بەڕاستی ئەگەر ئەوانە بەجدیی هاتبنە مەیدانەوە، ئامادەی بەرخۆدان بن ئامادەی قوربانیدان بن و، چاوسورکردنەوە و بارەگا داخستن و پارەبڕین و پەڕاوێز خستن و زیندانیکردن و کۆمەڵێك شت ئەگەر ئەوانە کاریگەریی نێگەتیڤ لەسەر ئیرادەی بەرەی گۆڕان و لەسەر حیزبەکان و ئەندامەکانی دانەنی بەدڵنیاییەوە ئەم بەرەیە پێش دەکەوێت.

خاڵێکی تر کە گرنگە ئەوەیە کۆمەڵگەکەی ئێمە ئەوەی دەوێت، تەنانەت نەك میللەت ڕەخنەی لەحیزب و حکومەت هەیە بەڵکو ئەندامانی حیزبەکانیش هەمان ڕەخنەیان هەیە لەبەرئەوە زەمینەی کۆمەڵگاش پێگەیووە، جگە لەوەش وەزعی دەسەڵات زۆر گرنگە، ئەگەر پێنج یان شەش ساڵ لەمەوپێش بەرەی گۆڕان دروست ببوایە، وەزعێکی تر دەبوو لەوانەیە ئەوانەی بەرەکەیان دروستکردووە نەك بگیرانایە بەڵکو بکوژرانایە، بەڵام ئێستا خۆ شبەختانە وەزعێکی باشی ئەمنی لەکوردستانی عێراقدا هەیە، لەبەرئەوە وەزعی حیزبەکانی دەسەڵاتداریش گۆراوە بەو شێوەیە مامەڵە لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆن ناکات کە دەبی زیندانی زیندانی بکات هەتا هەتایە.

ڕاستییەکی تریش ئەوەیە ئەمرۆ لە عێراق و کوردستان و دەسەڵاتی فیعلی و دەسەڵاتی ڕەسمی هەیە، دەسەڵاتی ڕەسمی لێرە بەدەستی حکومەتی هەرێم و پەرلەمانەوەیە، لەبەغدادیش بەدەست حکومەتی عێراقەوەیە، بەڵام دەسەڵاتی فیعلی بەدەست هاوپەیمانانەوەیە.

ئەمریکا کە هاتۆتە عێراق دەیەوی کۆمەڵێك کولتووری و ستراتیژی خۆی هەیە بیگوێزێتەوە بۆ ئێرە، تەنیا ئەوە نییە نەوت لێرە ببات و سەربازی بۆ بێنێت، دەیەوی هەندی کولتووری خۆی هەیە بیگەیەنێتە ئێرە، ئەگەر ئەم کولتوورەی ئەمریکا هاتە ئێرە پێکهاتە ژێر دەستەکانی کۆمەڵگە سوود لەو وەزعە وەردەگرن.

بەبڕوای من ئەم شتانە یارمەتیدەرن بۆ دروست بوونی بەرەی گۆڕان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبی هێزو لایەنێکی واش لەئارادا بێت خاوەن بەرنامەو ئیرادە و گوتارێکی شارستانی بێت و دەبی لەفیکرو

هەڵوێستی سیاسی و کولتوورو هەڵسوکەوتی رۆژانەدا جیاواز بێت لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی دەسەڵاتدار دا بۆئەوەی زیار ببێتە جێی متمانەی خەڵك و سەرکەوتن بەدەست بهێنێت.

ستیڤان: بەرەی گۆران ئۆپۆزیسیۆنێکی دیموکراتی و ئاشتیخواز دەبی نەك ئۆپۆزیسیۆنێکی چەکداریی، دەکرێت بپرسین کامەیە میکانیزمە دیموکراسی و فۆرمە مەدەنییەکانتان لەو کارەدا یان بەمانایەکی تر شێوەی مامەڵەی ئێوە چۆن دەبێت لەم واقیعەی ئەمرۆی کوردستاندا؟

د. فایەق: ئێمە ئۆپۆزیسیۆنێکی پۆزەتیڤین، بەو مانایەی بڕوامان بە بەکارهێنانی توندوتیژی نییە بۆ گۆڕینی دەسەڵات، بەڵکو بڕوامان بەگۆڕین و دەستاو دەستکردنی دەسەڵات هەیە لەرێگەی پرۆسەی دەنگدان و سندوقەکانی هەڵبژاردنەوە.

ئۆپۆزیسیۆن دەبی لەم بارودۆخەدا لەم باوەڕی بەکۆدێتای سەربازیی نەبێت وەك جاران، بڕوای بەخەباتی چەکداریی نەبێت هەتا بڕوای بەڕاپەڕینی جەماوەیش نەبێت.

ئێمە بڕوامان بەوەنییە بەرێگەی ڕاپەڕینی جەماوەریی و کۆدێتای سەربازیی و کۆن کە لەوڵاتانی سێهەمدا باوبووە، یان بەرێگەی خەباتی چەکداریی دەسەڵات بگۆڕین، بەڵکو بڕوامان بەهەڵبژاردن هەیەو بەشتێکی زۆر گرنگی دەزانین ئەوە بەشێکی کارەکەمانە.

بەشێکی تری کارەکەمان بەکارهێنانی بنەماکانی تری دیموکراسییەتە، یەکێك لەو شتانە مەسەلەی دەستوورە، ئێمە چ وەك پارتی چارەسەری چ وەك بەرەی گۆران زۆر گرنگیمان دا بەدەستووری عێراق، ئێستاش زۆر گرنگی بەدەستووری هەرێمی کوردستان دەدەین، ئێمە فۆرمۆلەیەکی نوێمان هەیە بۆ دەستوور، هەندێك کەموکورتی لە دەستووری هەرێمدا دەبینینەوە، دەمانەوی ئەو دەستوورە دەوڵەمەند بکەین تا ببێتە دەستوورێکی تۆکمەو هاوسەنگ بۆ ئەوەی لەرێگەی ئەو دەستوورەوە یاساکانی ئایندەمان یاسای باش و دیموکراتی بن و لەبەرژەوەندیی هەموو پێکهاتەکاندا بێت.

یەکێك لەمەسەلە گرنگەکانیش هەوڵدانە بۆ جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان، بێجگە لە مەسەلەی جیاکردنەوەشیان سەربەخۆیی دەسەڵاتەکانە.

خاڵێکی تر کە گرنگە بۆ ئێمە مافی مرۆڤە، مەسەلەی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ ئیشی زۆری لەسەر دەکەین، یەکێکی تر لەمەسەلە هەرە گرنگەکانمان کە کاری بۆ دەکەین مەسەلەی کەموکورییە لەخزمەتگوزارییەکاندا، بەڕاستی زۆر بەداخەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان لەم رووەوە ئەوەندە کەمتەرخەمە هەر نەبێتەوە، بۆ نموونە کارەبا، ـ هەروەها ئاو، سلێمانی شارێکە لەنێوان دوو دەریاچەی ئاودا مەعقولە لە ساڵی (1991) وە زۆربەی گەرەکەکانمان لە ماوەی 48 سەعاتدا دوو سەعات ئاویان هەبێ؟ جگە لەوەش بەنزین، بەراوردی نرخی بەنزین بکە لەنێوان سلێمانی و بەغداد دووقاتە، بەراوردی شتومەکەکانی تر بکە لەنێوان کەرکووك و سلێمانیدا چوار قاتە! تۆ دەتوانیرەخنە لەم کەموکورتیانە بگریت و پێشنیاریش بکەیت بۆ حکومەت، هەندی جاریش پێویستە بەشێوازی ئیمزا کۆکردنەوەو نووسین و هەتا رێپێوان خەبات بکەین.

لەبەرئەوە دەرفەتێکی زۆرو کەموکورتی جیدیش هەیەو شێوازی خەباتیش گۆڕاوە، هەوڵدەدەین خەباتێکی شارستانی و دیموکراتی جەماوەریی بەرێوەببەین.

ئامانجەکانی خۆمان بهێنینە دی کەی خۆی لەخزمەتکردنی زیاتری گەلی کورد و پاراستنی دەستکەوتەکانی باشووری کوردستان و بەدەستهێنانی دەستکەوتی تردا دەبینێتەوە کە دەتوانین بەمشێوەو میکانیزمانە بیانهێنینەدی.

بەڵام خاڵێکی تری زۆر گرنگ ئەوەیە کە ئێمە دەڵێین بەرەی گۆران بەڕاستی مەبەستمان لەگۆڕان تەنیا گۆڕان لەشکڵی سیاسیدا نییە، بەڵکو گۆڕانیش لەئاوەزی ئینساندا.